## رۆڵی راگەیاندنی کوردی لەبەرهەمهێنانی کولتووری لێبوردندا ... ستیڤان شەمزینانی



"من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆش بوێت، چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی رقیان لێتان دەبێتەوە، داوای پیرۆزیی بکەن بۆ ئەوانەی نەفرەتتان لێدەکەن، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان بەرامبەر دەکەن، ئەوەی زللەیەکی کێشا بەلایەکی رومەتت دا لایەکی تریشی بۆ رابگرە.. گەر هاتوو بەتەنیا هەر ئەوانەتان خۆشبوإ کەخۆشیان دەوێن کەواتە چ چاکەیەکتان کردووە، تەنانەت گوناهبارانیش ئەوانەیان خۆش دەوإ کە خۆشیان دەوێن، بۆیە من فێرتان دەکەم هەموو ئەوانەشتان خۆش بوویإ کەرقیان لێتانە" ئینجیلی لۆقا: 27/6-33

لەدوای ئەو هەموو سەرکەوتنە گەورانەی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و بەرپابوونی گەورەترین شۆرش لەبواری پەیوەندییەکاندا، راگەیاندن نەك دەسەڵاتی چوارەم نییەو لەدوای هەرسإ دەسەڵاتەکەی ترەوە (یاسادانان، راپەڕاندن، دادوەری) نایەت بەڵکو لەسەردەمی شەپۆلی شۆرشی تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا کەبیرمەندی ناسراوی ئەمریکی (ئالڤین تۆفلەر) ناویناوە شەپۆلی سێیەمی ژیاری مرۆڤایەتی دەسەڵاتی یەکەمەو هاوکاتیش چاودێرە بەسەر هەر سإ دەسەڵاتەکەی ترەوە.

خۆی لەخۆیدا راگەیاندن میکانیزمێکی کارای دروستکردنی رای گشتی و وروژاندنی کێشە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگەیەو ئاڕاستەکردنیانە بەشێوازێکی فۆرمەڵەکراو، و رۆڵێکی ئێجگار گرنگ و ئەکتیڤی هەیە لەنێو تەواوی کایە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتی هاوچەرخدا.

راگەیاندنیش وەکو هەموو شتەکانی تری بوون دەتوانرإ بەشێوەیەکی زۆر مەتاتی بەکاربهێنری و ئاڕاستە بکرێت هەروەك چۆن دەتوانرإ لەبەرهەمهێنانی توندوتیژی و هزری تاناتۆسیدا بەکاربهێنرإ بەهەمان شێوەش دەتوانرإ بەکاربهێنرێت لەدروستکردنی هزری ناتوندوتیژی و تەساموح و ئاشتەواییدا.

یەکێك لەو شتانەشی کەدەکرێت باسی لێوەبکرێت رۆڵی راگەیاندنی کوردییە لەبەرهەمهێنانی کەلچەری لێبوردەیی و هەروەها بەپێچەوانەوە، بۆ نموونە زمانی راگەیاندنی کوردی لەقۆناغی خەباتی شاخدا زمانێکی توندوتیژەو پڕە لەهەستی تۆڵە سەندنەوە ئەمەش پەیوەندی بەو واقیعە بەزۆر سەپێنراوەوە هەبوو کەبەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا سەپابوو، کەتیایدا هەموو کەناڵەکانی دیالۆژو گفتوگۆ گیرا بوو بۆیە بەناچاری تاکە رایەڵێك کەبتوانێت خەباتی خۆی لێوە کەناڵیزە بکات بریتی بوو لەشێوە خەباتی چەکدارانەو پاریتزانانە کەبێگومان ئەمەش بەتاڵ نییە لەبەکاربردنی توندوتیژی و گیانی تۆڵەسەندنەوە هەرچەندە ئەمە لەژێر کاریگەریی حاڵەتێکی دیفاکتۆو بەزۆر داسەپێنراوەوە بووە بەڵام دواجار لەو جێگەیەی کەزمانی پێکەوە هەڵکردن و گفتوگۆ دەوەستێت تەنیا زمانی توندوتیژی و جەنگ رۆڵی تیا دەگێڕإ و کاراکتەرەکانی جەنگیش کاراکتەرێکی توندوتیژ و تۆڵەسێن دەبن.

دوای راپەڕینیش دیسان شەڕی ناوخۆ حاڵەتێك بوو سەرباری هەموو دەرهاویشەو پەرچەکردارە نێگەتیڤییەکانی ئەو شەڕە، رۆڵی گرنگی گێڕا لەتۆخکردنەوەو پەرەپێدانی بیری توندوتیژی کەدووبارە راگەیاندنی کوردی رۆڵی نەرێیی گێڕا تیایداو کۆمەکی زیاتری کرد بەخۆشکردنی ئاگری ئەو شەڕە.

رەنگە لەم چرکە ساتەشدا راگەیاندنی کوردی بەشێوەیەك لەشێوەکان رۆڵی هەبێت لەبەرهەمهێنانی ئەوجۆرە نەریتەدا بۆ نموونە گەر بەوردی تێبینی راگەیاندنی بینراوی (T. V) کوردی بکەین ئەو

راستیەمان لەلا گەلاڵە دەبێت كە ئەو جۆرە میدیایە نەك بەشێوەیەكی پلان بۆ دانراوو بابەتییانە پەرەی بەهزری تەساموح و پێكەوە هەڵكردن نەداوە بەڵكو ئامرازێكیش بۆ دروستكردنی توندوتیژی و تاكرەویی و تۆتالیتارییەت.

گەر سەیری كەناڵە (TV) یە لۆكاڵییەكانی بكەین و ئەو فیلمانە وەربگرین بەنموونە كەشەوانە پێشكەشی دەكەن ئەو راستییەی سەرەوەمان بۆ دەسەلمێنن چونكە تەواوی ئەو فیلمانەی كەنمایش دەكرێن فیلمی ئەكشن و پۆلیسی و مافیاین، كەكاریگەریی نەرێیی هەیە لەسەر پەروەردەی نەوەی نوێ و هانیان دەدات بۆ دووبارەكردنەوەی ئەو جۆرە نەریتە سینەماییانە بەتایبەتی لەكاتێكدا كەكاراكتەری سەرەكی فیلمەكە لەرێگەی بەكارهێنانی توندوتیژی و هێزی فیزیكی و تەكنەلۆژییەوە دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر دوژمنەكانیدا كەئەمە دواجار نەك رەنگدانەوەی لەسەر ئەندێشەی لاوان و هەرزەكاران هەیە بەڵكو رەنگدانەوەی خراپی لەسەر تەواوی تاكەكانی كۆمەڵگە هەیەو رایاندەهێنێت لەسەر نەریتێك كەهەمیشە لەرێگەی توندوتیژی و بەكاربردنی هێزەوە بوونی خۆی بیسلەمێنێت و كێشەكانی و جیاوازییەكانی لەگەڵ نەیارەكانی یەكلایی بكاتەوە.

كەچی لەبەرامبەر دا ئەم راگەیاندنە ناتوانێت ئیستیعابی گرتەیەكی رۆمانسی و گۆڕینەوەی هەستی نێوان دوو رەگەزەكە بكات یان هەمیشە خۆی لادەدات لەهەرجۆرە فیلمێك كەئەگەر تەنیا یەك گرتەی بۆرنۆگرافی تیا بێت، چونكە ئەو راگەیاندنە پێی وایە رەمەكی خەڵك ناتەباو پێچەوانەی ئەوەیەو خەڵك ئیرۆسیەتیان خۆش ناوێ و باوەشی دەكەن بەساناتۆس دا، لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت هەموو ئەو عەقڵیەتانەی كەلەپشتی راگەیاندنی كوردییەوەن خاوەنی باكگراوندێكی مەعریفی نین و دوورن لەو بوارەی كاری تیا دەكەن و تەنانەت سەرەتاییترین هۆشیارییان لەو بوارەدا نییە، بەڵكو بەپێچەوانەوە هەموو ئەوانە نوێنەرو دەمڕاستی پارتەكانیان لەنێو كایەكەداو ئەو بوارەیان مۆنۆپۆل كردووە بۆ تەوجیهی حیزبەكانیان و لەقاڵبدانی كۆمەڵگە لەسەر وێنای حزبەكانیان، من بەدووری ناگرم كەنەوەیەك بێتە بوون كەبەهەمان شێوەی نەوەكانی پێشوو بەرێگای توندوتیژیدا بڕوات چونكە هێزێك نییە كەبتوانێت گۆڕانكارییەكی گەوهەری دروست بكات لەكلتوری باودا كەهەڵگری دەماری توندڕەوی و توندوتیژییە و مەودای زۆری تیایە كەتوندوتیژی لێوەی گەشەبكات.

لێرەوە دەبینین راگەیاندن ئەركێكی گەورەو مێژوویی دەكەوێتە سەرشانی بەئاقاری فكری تەساموح و ناتوندوتیژی، كەدوبارە پێویستە ئەم راگەیاندنە عەقڵیەتێكی پسپۆڕو ئەكادیمی لەپشتییەوە بێت كەتوانای هەبێت سۆسیۆلۆژیای كۆمەڵگەو سایكۆلۆژیای تاكەكانی بخوێنێتەوەو لێی تێبگات و هەر لەوێشەوە كاری لەسەر بكات و بەئاڕاستەی كولتوری لێبوردندا ببیات.

قۆناغێكی ئێستاش كەقۆناغی بونیادنانەوەی عێراقێكی نۆرماڵە كەهەموو ئیتنیك و نەتەوە جیاوازەكان پێكەوە رۆڵیان دەبڕ لەوێناكردن و دروستكردنەوەیدا ئەم كلتورە گەورەترین و بنەڕەتیترین میكانیزمی یارمەتیدەرە بەو ئاڕاستەیەدا.

بەتایبەتی لەكاتێكدا كەلەماوەی دووسالی رابردوودا دوو كۆنگرەی گرنگ لەكوردستان بەسترا ئەویش كۆنگرەی دیالۆگی عەرەبی/ كوردی و كۆنگرەی ئاشتبوونەوە بوو كەهەردووكیان تیایدا كورد دەستپێشخەربوو، دەبێت هۆشیارییەكی گشتی و جەماوەری ئەوتۆ دروست بكرێت كەرۆڵی هەبێ لەپراكتیك كردنی ئەوجۆرە كلتورەو كەدواجار هەمووومان لەرێگەی پەیوەندی هاوبەش و دۆستانەوە بەشێوەیەكی ئاشتییانە لەنێو عێراقدا مومارەسەی ژیان بكەین و لەهەمان كاتیشدا رێگە بیگرێ لەتۆڵەسەندنەوەی كوێرانەو سەربەخۆی هاولاتیان كەرەگەزێكی گرنگی ئەم كولتورەیەو ولاتیش دەپارێزێ لەئاژاوەی تایفی و ئاینیو نەتەوەیی لەعێراقی سبەینێدا، دەبێ لێرەدا ئاماژەش بۆ ئەوە بكرێت تەساموح بەو مانایە نییە كەتاوانبارانی گۆڕی بەكۆمەڵ و ئەنفال و كیمیایی و سانسۆر و سەركوت دەكەونە بەر بارانی رەحمەت و (عفاالله عما سلف) بەقەدەر ئەوەی مەبەست لەوەیە كەدەبێت

بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەم کەسانەدا بکرێت و بدرێنە دادگا کەپرۆسیسی دادگایی کردنەکەش لەسەر پرەنسیپەکانی مافیمرۆڤ و یاسا نێو دەوڵەتییەکان بەرێوەبچێت، چونکە کردەوەگەلی تۆڵەسێنانەی سەربەخۆ دەبێتە گەورەترین مەترسی بۆ دوارۆژی عێراق.

لێرەدا جارێکیتر ئاماژە دەدەم بەوەی کەناکرێ بەناوی لێبوردەیی و تەساموحەوە راگەیاندنی کوردی گوێی خۆی لەئەنفال و هەڵەبجەو ئازارو ژانەکانی گەلی کورد بخەوێنێ و نەیکاتە گرنگترین و میحوەریترین سۆبژێکێتی خۆی.

چونکە ئەو رووداوانە گەورەترین برینن لەقووڵایی مێژووی هاوچەرخی کورداو دەبێت وەك هۆلۆکوستی گەلی جولەکەو بەکۆمەڵ کوژی ئەرمەن بۆ هەتا هەتایە بەزیندوویی لەخەیاڵدانی نەوەکانی کوردا بمێنێتەوە.

لەبەرئەوەی ئەم حاڵەتە گەلێك هەستیارو ئاڵۆزە دەبێت راگەیاندنی کوردی بەئاگاییەکی زیاترەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، و بەجۆرێك کاربکات کەلەهەموو ئاستەکاندا رۆڵی هەبێ هەم لەدروستکردنی نەریتی نەرم و نیانی و ناتوندوتیژی هەم ئەو یادەوەرییە تاڵانە لەبیر نەکات.